## Don’t shoot the messenger.

# د. ئەحمەد میراودالی

ئەمڕۆ ، ڕۆژی سێشەممەی ڕیکەوتی 9-8-2005 ، وەک هەر سێشەممەیەکی دیکە دوای گەڕانەوەم لە کار ، سەرگەرمی خوێندنەوەی هەفتەنامەی میدا بووم . لەبەر ئەوەی یەکێکە لەباشترین بڵاوکراوەکان ، بێ ئاگا لەوەی کە ، سەرنووسەرە کوردپەروەرەکەی ( ئاکۆ محەممەد) لەگەڵ ( موسا ئحمەد)ی بەرپرسی پەیمانگەی کوردستان بۆ ، پرسە ڕامیارییەکان لە بەندیخانە خزێنرابن ، ئەویش بە گوێرەی ماددە(433)ی یاسای سزاکانی سەردەمی بەعس . لەبەر ئەوەی لە ژمارە (200)ی ڕۆژی 19-7-2005 دا ڕوانگەی هاو وڵاتیانی خستۆتە پێش چاو کە ، وەزارەتی ناوخۆی هەولێر بەخراپترین وەزارەتی هەرێمی کوردستان دەزانن .

جێگەی نیگەرانیی یە ، کە هەتا ئێستاش کوردستان لەڕۆشنایی یاسا بەدناوەکانی بەعسەوە بەڕێوە دەبەن . لێ لەوەش نیگەرانتر ئەوەیە کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ ، یاساناسەو یاسا پێشێل دەکا .

کاک ( ئاکۆ محەممەد و موسا ئەحمەد) تاوانبار نین ، ئەوان نامەی دانیشتووانی وڵاتیان گەیاندووە بە جەنابی وەزیر ، لە هەموو عورفو عادەتێکیشدا هەڵگری نامە ، تاوانی نییەو تاوانبارکردنیشی ڕەوا نییە . پەندی ڕۆژئاوایی دەڵێ ( دۆنت شووت مەسینجەر) بەواتای ، نامە هەڵگر مەکووژە .

جەنابی وەزیر: تاوانبار ئەگەر هەبێ ، لەدوولا بەدەر نییە ، یان هاو وڵاتیانی درۆزنن ، کە بوختانیان بۆ وەزارەتەکەتان کردووە ، یان هاو وڵاتیان ڕاستن و جەنابی عالیتان ناتوانایە .

دەستگیرکردنی ڕۆژنامەوانانی کوردپەروەروی وەک کاک ( ئاکۆ گەردی) و داپۆشینی گەندەڵییەکانی دەسەڵاتی کوردستان ، تەنها لە دەستی نەیارانی کوردستان دەوەشێتەوە ، ئایا جەنابیشتان یەکێکن لەوان ؟ قەت بڕوا ناکەم !!. بۆیەشە جەنابی وەزیر ، بانگەشەت دەکەم هەرچی زووترە ، ئاکۆ گەردی و هاوڕێیانی ئازادکەن و جێگەی خۆشیەتی گەر ، داوای لێبوردنیان لێ بکەن .

جەنابی وەزیر ، چاوەڕوانی وەڵامتانم .

کەنەدا 2005/8/9

Mirawdaly@hotmail.com